Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
First Class - Social Work

زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر
کۆلیژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی یەکەم / کاری کۆمەڵایەتی

سالی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

1

# کاری کۆمەڵایەتی

## Social Work العمل الاجتماعي

د. مهدی عباس
پرۆفیسۆری یاریدەیدەر






## کاری کۆمەڵایەتی

کاری کۆمەڵایەتی یان (خزمەتی کۆمەڵایەتی) لە دێر زەمانەوە لە گشت کۆمەڵگەکاندا هەبووە و کاری لەسەر کراوە وپەیڕەو کراوە، بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر. لە سەرەتادا لە ڕێگەی ئایینەکاندا لە قاڵبی خێر و چاکە و یارمەتیدانی مرۆڤەکان بووە، خۆی بە مرۆڤ، دەستپێدەکات و ئامانجەکەشی هەر مرۆڤە.

سەرهەڵدانی کاری کۆمەڵایەتی بە واتا نوێیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زادە و دەرهاوێشتەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا و ئەمریکا بە تایبەتی کاتێك کرێکارەکان لە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە ئێش و ئازاردا بوون، بە هۆی سەرقاڵ بوونیان بە کارکردن بە بەردەوامی و دوورکەوتنەوەیان لە خێزان و پەروەردەکردنی منداڵەکان، لە پێناو کارکردن بۆ بژێوی ژیان بوو. لە ئەنجامدا دووچاری چەندین گیروگرفتی جۆراجۆر بوونەوە لەسەر ئاستی تاکە کەسی و کۆمەڵە و کۆمەڵگە بە گشتی.

کاری کۆمەڵایەتی یەکەمجار لە پەرەسەندن و گەشەکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی (الرعاية الاجتماعية) پەیدا بووە وەك پیشە، تا سەرەتاکانی سەدەی بیست بە شێوەیەکی تایبەتمەند پراکتیزە نەدەکرا بۆیە بە پیشەیەکی نوێ ئەژمار دەکرێت هەرچەندە لە لە زەمینەی ئاسۆیەکی دووردا ڕەگی داکوتاوە.

کەواتە: کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی نوێیە و زادەی بەرهەمی سەدەی بیستەمە و لە ناو چاودێری کۆمەڵایەتییەوە گەشەی کردووە، هەروەها پەیدابوونی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی دەچێتە خانەی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك گیروگرفت بوو لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیدا سەری هەڵدا وەك بە پیشەسازی بوون و بە شاریی بوون.

- **<u>هۆکارەکانی پەیدابوونی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی:</u>**

**گرنگترین هۆکارەکانی پەیدابوونی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی ئەمانەی خوارەوە بوون:**

**١- شۆڕشی پیشەسازی .**

**٢- کۆتایی هاتنی سەردەمی دەربەگایەتی لە ئەوروپا.**

**٣- شۆڕشی فەڕەنسی.**

**٤- شەڕ و جەنگە یەك لە دوای یەکەکان.**

**٥- گرنگی و بایەخدان بە توێژینەوە و ڕێبازە زانستییەکان.**

**٦- بیردۆزی مالتۆسی.**

**٧- هەرسهێنانی ئەو ڕێسا و یاسایانەی لەبەردەست بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و چارەسەری کێشەکان.**

**٨- سەرهەڵدانی بیری سۆشیالیستی.**

**٩- داهێنان و دۆزراوە نوێیە زانستییەکان**

**١٠- سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کۆمەڵەی ڕێکخستنی خێرخوازی و گەڕەکە کۆمەڵایەتییەکان.**

**١١- پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.**

- **کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کاری کۆمەڵایەتی:**

**کاری کۆمەڵایەتی وەك (چەمك – مفهوم) بۆ یەکەم جار لە وڵاتی بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی بیست سەری هەڵدا، پاش دەرکردنی زنجیرەیەك لە یاسا و ڕێسا لەلایەن حکومەتەوە بە مەبەستی یارمەتیدانی هەژاران و دابینکردنی پێداویستییەکانی چینی کرێکاری بوو، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر روون بۆوە کە دەولەت چەندە بەرپرسیارە لە چاودێری کردنی هاوڵاتیان ، هەروەها دابینکردنی ئاستی بژێوی ژیانێکی شایستە بۆیان، کە ئەرکێکی چەندە پیرۆز و گەورەیە و لەئەستۆی دەوڵەتدایە لەم بارەیەوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت. بە تایبەتی بۆ ئەو چین و توێژانەی کە داهاتیان سنووردارە و یان خاوەن پێداویستی تایبەتین و ناتوانن خۆیان بژێوی خۆیان دابین بکەن.**

**لە ناوەڕاستی سەدەی بیست، کاری کۆمەڵایەتی پەرەی سەند و و گشت پێداویستییەکانی هاوڵایتانی لە خۆ گرت و دواتر لە ساڵی ١٩٥٥ کۆمەڵەی نەتەوەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی (N.A.S.W) پێکهات، کە کاری بۆ بەهێزکردنی پیشەی خزمەتی کۆمەڵایەتی دەکرد، هەروەها ئامانجی باشتر کردنی رەوشی خزمەتگوزاری بو ولە ناو کۆمەڵگادا، جگە لەمەش ئیسنکلۆپێدییەکی خزمەتگوزاری و کۆمەڵێك رۆژنامەی فەرمی دەرکرد، هەروەها لەم ماوەیەدا هەر سێ ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی کە بریتیین لە (ڕێگای خزمەتی تاك لە ساڵی ١٩١٧) و (ڕێگای خزمەتی گروپ لە ساڵی ١٩٣٦) و (ڕێگای ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە ساڵی ١٩٤٦) سەریان هەڵدا جێگیر کران وەك ڕێگا سەرەکییەکانی کارکردن لە بواری کاری کۆمەڵایەتی.**

**ئەوانەی یەکەم جار کاریان لە ڕێکخراو و دەزگاکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیدا کرد پێیان دەوترا (هاوڕێی میوان – الصدیق الزائر)، کە لە پێناوی لێکوڵینەوەی رەوشی (دراسة الحالة)ی تاك و خێزان تێدەکۆشان.**

**لەسەرەتای سەدەی بیست گرنگی پتر بەلایەنی دەروونی دەدرا، چونکە لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو بۆ کارکردن لە گیروگرفتەکان بە دەروازەیەکی دەروونی نەوەك دەروازەی ئابووری دەستی پێکرد، لە کۆتایی پەنجاکانیشدا بووە بە هۆکاری پاراستنی کۆمەڵگە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەرکردن.**

## قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:

### قۆناغی یەکەم/ قۆناغی سەرەتایی:

**لەم قۆناغەدا کۆمەڵگای ئەمەریکا بە یاسای هەژاریی ساڵی ١٦٠١، کە لە بەریتانیا دەرچوو و پاش هەندێ هەموارکردن و گونجاندنی، کاری پێکردووەو بووە بە هۆی دروستبوونی (خانەکانی خێرخوازی) (بیوت الاحسان) بۆ کەسانی بێتوانا و بەساڵاچووەکان، جگە لەمەش شوێن بۆ هەژار و بێوەژن و منداڵی بێ باوك و نەخۆشی ژیی دروستکرا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٤٣ کۆمەڵەی چاودێری هەژاران (جمعیة رعایة الفقراء) ، پاشان لە ساڵی ١٨٧٧ کۆمەڵەی رێکخستنی چاکخوازی دروستکران، ساڵی ١٨٨٧ دواتر لە ساڵی ١٨٩٣ ژمارەکەی بووە (٩٢) رێکخراو، یەکەم گەڕەکی کۆمەڵایەتی لە شاری نیویۆرکك بە ناوی گەڕەکی دراوسێی (محلة الجیرة) دروستکرا، پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ گەڕەکی زانکۆ (محلة الجامعة). دواتر ئەم پیشەیە بەردەوام بوو لە زۆربوون و بڵاوبوونەوەی لە شارەکانی شیکاگۆ و بۆستن و ...تاد. پاشان لە ساڵی ١٩١٥ لە کۆنگرەی نەتەوەیی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەو پێوەرانە (مقاییس و معاییر) راگەیەندرا کە لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی وەك پیشە دادەنرێت و پێویستە هەبێت، ئەمە قۆناغی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەو پیشەییە بوو تاکو ساڵی ١٩١٧.**

## قۆناغی دووەم/ قۆناغی دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی:

لە ماوەی سالانی (١٩١٧-١٩٤٥) بووە. لە ساڵی ١٩١٧ کۆنگرەی نەتەوەیی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەسترا و (خزمەتی تاك) وەك یەکەم ڕێگای پیشەیی پەسندکرا، لە قوتابخانەکانی خزمەتگوزاری بڕیاری خوێندنیشی درا. هەر لەو ساڵەدا خاتوو (ماری ریچمۆند) لە کتێبی دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی (التشخیص الاجتماعي) بڵاوکردەوە، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تاکدا زانیاری پێویستی تێدا بوو. جگە لەمەش شارەزایی لایەنی مەیدانی زۆری تێدا بوو. لە ساڵی ١٩١٨ کۆمەڵەی ئەمەریکایی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و قوتابخانەی ڕاهێنەرانی تایبەتمەندا دروستکران، پاشان لە ساڵی ١٩٣٦ ڕێگای (خزمەتی گروپ) (خدمة الجماعة) ڕاگەیەندرا. ئەمەش لە مەبەستی یارمەتیدانی کۆچکردووە نوێیەکان بوو بۆ گونجاندنیان لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای نوێ لە میانەی چالاکییەکانی گەڕەکە کۆمەڵایەتییەکان سەری هەڵدا. دواتر لە ساڵی ١٩٣٩ بەڕێز (ڕۆبرت لاین Robert Line) لە میانەی کۆنگرەی نەتەوەیی خزمەتگوزاری ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێشکەشکرد و دواتر (واین ماکمیلان- Wayne Macmillan) لە ساڵی ١٩٤٥ کتێبێکی ب ەناوی ڕێکخستنی کۆمەڵگای چاودێری کۆمەڵایەتی بڵاو کردەوە، کە پرۆسە و بەرکارهێنانی لە دەزگاکانی چاودێری کۆمەڵایەتی تێدا باس کردبوو، دواتر لە کۆنگرەی نەتەوەیی خزمەتگوزاری لە ساڵی ١٩٤٦. (ڕێکخستنی کۆمەڵگە) وەك ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ پیشەی کاری کۆمەڵایەتی پەسند کرد ولە هەمان ساڵیشدا کۆمەڵەیەکی بۆ دانراو کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**قۆناغی سێیەم/ ڕێکخراوە پیشەییەکان لە سالآنی (١٩٥٠-١٩٧٩):**

لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی پێکهێنان ناسراوە، نموونەی ئەم ڕێکخراوانە، ئەنجومەنی فێرکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (مجلس التعليم للخدمة الاجتماعية) کورتکراوەکەی (CSWE) لە ساڵی ١٩٥٣، کۆمەڵەی نیشتمانی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (الجمعية الوطنية للاخصائيين الاجتماعيين) (NASW). هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ ئەنجومەنی کاتی ئەندامانی کۆمەڵەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (المجلس المؤقت لاعضاء الاخصائيين الاجتماعيين)، دواتر لە ساڵی ١٩٦١ ئەکادیمیای پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (اكاديمية الاخصائيين الاجتماعيين) (ACSW) پێکهات. دروستبوونی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەزگا ئەکادیمیانە لە ماوەی سالآنی (١٩٥٠-١٩٧٩) بە خاڵێکی گرنگی مێژووی سەرهەڵدان و تۆکمە بوونی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت.

**قۆناغی چوارەم/**

**قۆناغی گەشەکردنی زانستی و پیشەیی ( لە ساڵی ١٩٨٠..تاکو ئێستا):**

ئەم قۆناغە زیاتر بەوە دەناسرێتەوە کە قۆناغی دەرکردنی گۆڤارە زانستییە وەرزییەکان و بەستنی کۆنگرەی زانستی و پیادەکردنی پیشەی خزمەتگوازری کۆمەڵایەتی بووە، لەوانەش دابەشکردنی پێداویستییەکانی فێرکردن و دەرچوواندنی ژمارەیەك لە پسپۆڕمەندانی بوای کۆمەڵایەتی لە ئاستەکانی (بەکالۆریۆس و ماستەر و دەرکردنی ئینسکلۆپیدیای خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و فەهەنگ و گۆڤار و ڕۆژنامەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن (کۆمەڵەی نیشتمانی پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان- NASW).

## ئاستەکانی پراکتیزە کردنی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی:

١- **ئاستی یەکە بچووکەکان** (Micro Practice). **ئەم خاڵە لەسەر ئاستی (تاك- Individual) پراکتیزە دەکرێت.**

٢- **ئاستی یەکە ناوەندییەکان** (Mezzo Practice) **: کە لەسەر ئاستی گروپەکان پراکتیزە دەکرێت.**

٣- **ئاستی یەکە گەورەکان** (Macro Practice)**: ئەمەش لەسەر ئاستی دەزگا و کۆمەڵگە بە گشتی پراکتیزە دەکرێت.**

**دەتوانرێت ئاراستەکردنی پراکتیزەکردنی کاری کۆمەڵایەتی بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی و سوود وەرگرتن لە زانستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:**

- **لە سەردەمی (ماری ریچمۆند) و ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو پشتی بە شیکردنەوە بەستووە لە خزمەتگوزاری تاکدا.**
- **لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو، بەدەروازەی یاخود بە قۆناغی دەروونی کۆمەڵایەتی دەناسرا.**
- **لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەك سەرچاوەی زانیاری و مەعریفە پشتی بە کۆمەڵناسی و تیۆرەکان دەبەست، بە تایبەتیش تیۆری سیستەمی ئیکۆلۆژی (الانساق الایکولوجیة) چونکە ئەو ئاراستەیە جەختی لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد.**
- **لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەندان کێشە و خاوەن کێشەی نوێ کە رێگاکانی کاری**

کۆمەڵایەتی (رێگای تاك و رێگای گروپ و رێگای رێکخستنی کۆمەڵگە) توانای چارەسەرکردنیان نەبووە، هەندێك لە بیرمەندان و پسپۆڕمەندانی ئەم بوارە داوای شێوازێکی تریان کرد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانە، لە ئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاراستەیەك ئەویش بە (ئاراستەی تەواوکاری رێگاکانی کاری کۆمەڵایەتی) ناسرا.مەبەست لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی ئەم رێگایە ئەوە بوو کارمەندان و پسپۆڕمەندانی بواری کاری کۆمەڵایەتی توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەموو کێشە و پێداویستییە جۆرجۆرەکان بێت لە پێناو یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگە.

**<u>پەیوەندنی نێوان کاری کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی:</u>**

پەیوەندی نێوان کاری کۆمەڵایەتی وەك پیشە و چاودێری کۆمەڵایەتی وەك بوارێکی پراکتیزەکردن، بە شێوەیەکی زۆر لە پەیوەندی نێوان پیشەی پزیشکی و چاودێری تەندروستی دەچێت، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی تەنیا یەك بابەتی سەرەکی هەیە وەك ناوەندێك لە دەوری دەسوڕێتەوە ئەویش مرۆڤە. سەبارەت بەم پەیوەندییە بۆچوون و رای جیاواز هەیە لەوانە: هەندێك لە بیرمەندان وای دەبینن هەردووکیان یەکسانن، وەوەك لە هیندستان بە یەك چاو سەیر دەکرێن و پێیان وایە دوو لایەنی یەك بابەتن. بۆچوونێکی دیکە هەیە پێیوایە چاودێری کۆمەڵایەتی گشتگیر ترە و فروانترە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، لایەنی سێیەمیش پێیوایە چاودێری کۆمەڵایەتی لایەنی چارەسەری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێکدێنێت.

چاودێری کۆمەڵایەتی سیستەمێکە، لە هەمان کاتدا خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکە، هەر یەکەو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، ئەو

**سیستەمە بەبێ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ناتوانێت پەرەبسێنێت و جۆری ژیانی کۆمەڵگا وەك چوارچێوەیەکی زانستی بۆ پرۆسەی یارمەتیدان بگۆڕێ، جگە لەمەش چاودێری کۆمەڵایەتی گشتگیر ترە و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی هاوبەشی چاودێری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی مرۆڤـ، دەخولێنەوە. هەروەها خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی مەبەستیەتی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی هاوسەگ بکات یاخود ئەو سیستەمە لە میانەی کردارەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا بگۆڕێت.**